


# سیحری رۆمانی هاری پۆتەر

**ئەردەڵان عەبدوڵلا**

یەکەمین جار لە جیهاندارۆمانێک یان کتێبێک خەڵکی سەرە بۆ کڕینی بگرن . لەوەتی لەئەوروپام دیاردەی وام نەدیووە ، هەزاران کەس لەبەردەم کتێبخانەکان دەوەستن بۆ ئەوەی ئەم کتێبەیان دەستبکەوێت . سەیر دەکەیت بە منداڵ و ژن و پیاو ، پیروگەنج ، هەموو کتێبی ( هاری پۆتەر Harry Potter ) وێردی سەرزمانیانە . لێرەدا منیش وەکوو هەموو کەسێکی تر پرسیاری ئەوەم لا دروستبوو ، ئایا ئەم رۆمانە یان ئەم کتێبە باسی چی دەکات ؟! یان بۆچی خەڵکی واشەیداوعەوادڵی ئەم کتێبەبوون ؟!ئەم پرسیارەو چەندین پرسیاری تریش لەناو مێشکمدا هاتووچون ، نەشم دەزانی چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە .

## ئەم رۆمانە باسی چی دەکات ؟!

## کوڕە سیحربازە ئازاکە

ئەم رۆمانە کە دەچێتە قالبی ئەدەبی منداڵانەوە ، پڕیەتی لە ڕووداوی هەمجۆر و سامناک . ئەم رۆمانە باسی منداڵێک دەکات و خوێندکارە لە یەکێک لە قوتابخانەکان . ئەم منداڵە کۆمەڵێک کێشەی هەیە . لەماڵەوە دەیچەوسێننە وە ودەیانەوێت بەسەریدا زاڵبن، لەدەرەوەش بەهەمان شێوە ، دەوروبەرەکەی کۆمەڵیک کەسانی دڕندەو خراپ دەیانەوێت ئەم کورە بچەوسێننەوەو بەسەریدا زاڵبن . ئەم کورەش زۆر ئازا دەبێت بەرەنگاری دوژمنەکانی دەبێتەوە . بۆبەرگریکردن لەخۆشی و زاڵبوونە بەسەر کەسانی لەخۆی بەهێزتر ، پەنادەباتە بەر هونەری سیحر. بەسیحر بەرەنگاری دوژمنەکانی دەبێت . دیارە هەموو رووداوەکان ، بەشیوەیەکی ڤەنتازی( خەیاڵی) جوان و مەزن داریژراون . دیارە ئەو سیحرو گەمانەی ئەم کورە ( هاری پۆتەر) دەیکات ، بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئەنجامی دەدات و خوێنەر ( بەتایبەت منداڵ و لاو) هەست بەچێژێکی خۆش دەکات .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com



## جوانە رۆلینگ Joanne K.Rowling کێیە؟!

گەر ئەم ناوە لاتان نامۆ بێت ئاساییە لام ، چونکە خۆشم بەهەمان شێوە بووم . جوانە رۆلینگ ، نووسەری ئەم سیحرەرۆمانەیە ، کەماوەیەکی زۆرە رۆمانەکەی بۆتە شۆرەتێکی گەورە بۆ خۆی . رۆلینگ لەساڵی 31 ئۆنیۆی1965 لەئینگیلتەرا لەدایک بووە ، ئێستاش هەرلەوێ دەژی .

## چیرۆکی ئەم رۆمانە

ئەم ژنە پێشتر هیچ رۆمانێکی نەنووسیوە ، ئەمە یەکەمین رۆمانی بووە . کاتێکیش یەکەمجار ئەم رۆمانەی بۆ یەکێک لە دەزگاکانی چاپ بردووە ، رازی نەبوون بۆی بڵاوبکەنەوە . بەڵام دوایی دەزگایەکی چاپ رازای دەبێت بۆی بڵاوبکەنەوە . ئەو دەزگایەش هەڵمەتێکی گەورەی راگەیاندنی بۆ دەکەن . پاش ماوەیەکیش رۆمانەکە بڵاودەبێتەوەو جارێکی تریش چاپ دەکرێتەوە.

## لەژنێکی هەژاری سۆسیالهیلفەوە بۆ ملیۆنلێرێکی گەورەی جیهان

گەر یەکێک لە سۆسیالهیلفەوە ( ئەوانەی لەسەر بیمەی بێکاری دەژین) ، ببێتە ملیۆنلێر ، ئەوا دەبێت یان لۆتۆLOTTO ی بۆ دەرچووبێت ، یان ئەوەتا بانکی دزیووە ، یان دەبێت خەون ببینێت. بەڵام رۆلینگ نەبانکی دزی و نەلۆتۆشێ بۆ دەرچوو ، بەڵکە تەنها رۆمانێکی نووسی و ، ئەم رۆمانەش کردی بە ملیۆنلێر . گەر جاران دەبوایە هەموو هەفتەیەک ، ئامادەبوایە لە دائیرەی سۆسیال بۆ ئەوەی ئیمزابکات و تا70 پاوەن وەربگرێت ، ئەوا ئێستا ئەم ژنە مەزنە خاوەنی 700 ملیۆن ئۆیرۆی( حیزە!) 1. ئێستا لەجیاتی ماڵیک 3 کۆشکی گەورەی هەیە . یەکێکیان لە سکۆتلاند و دوانەکەی تری لە ئینگلتەران . بەڵام ئەم ژنە نەگۆراوەو هەندێک عادەتی خۆی ناگۆرێت ، بۆ نموونە زۆر مەسرووفی زیادە وەکو کرِینی جلوبەرگ و ئارایشتی گران بەها ناکات2 . بەشێکی ئەم رۆمانەشی لەدائیرەی سۆسیال نووسیوە ،چونکەسەرەی چوونە ژوورەوە زۆری پێچووە ،ئەویش سوودی لەو کاتە وەرگرتووەو ئەم رۆمانەی نووسیوە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




## سیحری بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە

ئەم رۆمانە هەتاوەکوو ئێستا 6 بەشی بڵاوبۆتەوە ، چاوەروان دەکرێت بەشی حەوتەمیشی لێ بڵاوبکرێتەوە. ئەم رۆمانە تەنها بەشی شەشەمی 300 ملیۆنی لێ چاپکراوە [3]. تەنها لەئەمەریکا 7،5 ملیۆنی لێ چاپکراوە و یەکەمین کتێبی ساڵی 2005 بووە [4]. ئەم رۆمانە بەراستی دەتوانین ناوی رۆمانی ( گلۆبالیزمی ) لێ بنێین . چونکە ئەم رۆمانە بەشێوەیەکی ئێجگار خێرا بەناو تەواوی جیهاندا بڵاوبۆتەوە ، بۆ زیاتر لە 62 زمانی جیهانی وەرگێراوە [5] . لەهەموو جیهان دا ئەم رۆمانە بۆتە باسی هەموو کەسێک ، تەنانەت منداڵی 9و10 ساڵیش ئەم رۆمانە دەخوێننەوە [6] لەلایەکی ترەوە دەزگایەکی گەورەی چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەڵمەتێکی گەورەی ئیعلامیان لەجیهاندا بۆ کردووە . لە هەمانکاتیشدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە نووسەرەکە ئینگلیزە ، ئەمەش رۆڵیکی گەورەی هەیە ،بۆ نموونە گەر کورد بوایە دڵنیام بەو شێوەیە بڵاونەدەبووە .

## شۆرشی هاری پۆتەر

هاری پۆتەر تەنها رۆمانێکی ئاسایی نەبوو ، بەڵکە بوو بە قارەمانی سینەما و یاری منداڵان و جلوبەرگ و ،،،، . ئەم رۆمانە هەموو بەشەکانی کراون بەفلیم و سەرکەوتنی باشیشی بەدەستهێناوە .بۆ نموونە بەشی پێنجەمی لەماوەی 19 رۆژدا فلیمەکە 295 دۆلاری قازانج کردووە لەئەمەریکا زیاتر لە 15هەزار منداڵ خۆیان بۆ دەوری هاری پۆتەر هەڵبژاردووە[7] . جگە لەسینەما ، کارگەکانی یاری منداڵان هاری پۆتەر یان کردووە بەیەکەمین یاری خۆشەویستی منداڵان . بە هەزاران شێوە یاری کۆمپیووتەری و ئەتاریان لەسەر هاری پۆتەر دروستکردووە .

## هاری پۆتەر و رەخنەگران




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانەلەچەندین وولآتی جیهاندا، ئەم رۆمانە کەوتە بەر هێرشی گەورەی رەخنەگرانەوە . رەخنەگرەکانی رووسیا و بەشێکیش لە فەرەنسیەکان ، بە رۆمانێکی خراپیان داناو ، هەندێکیان بە دەبەنگترین رۆمانیان دانا. لێ ئەوروپی و ئەمەریکیەکان ، بەرۆمانێکی گەورەیان داناو ، بەیەکێک لەکارە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵانیان دانا . دیارە لەرۆژهەلآتیش بیروبۆچوونی نووسەرو رەخنەگرانیش، لە بۆچوونی رووسەکان نزیکبوو، بەتایبەت عەرەبەکان ، زۆر دژی ئەم رۆمانە بوون . هەرچەندە هەندێک نووسەری عەرەبی ستایشی ئەم رۆمانەی کردووە . بۆ نموونە ( صفات ئەمین سەلامە) ، بەرۆمانێکی جوانی دادەنێت ، باسی گرنگی خەیاڵی عیلمی ئەم رۆمانە دەکات ، هەر ئەوەش وای کردووە کە زۆر بڵاوبێتەوە . [8] .

دیارە ئەم رۆمانە دەچێتە قاڵبی ئەدەبی منداڵانەوە . ئەدەبی منداڵان بوارێکی تایبەت و گرنگی ئەدەبە . نووسەر دەبێت خاوەنی قابلیەتێکی باش بێت . چونکە جیهانی منداڵ جیهانێکی تایبەتەو زۆر زەحمەتە گەورەکان بتوانن لێی تێبگەن . بە بۆچوونی من هەر ئەم هۆیەشە وای کردووە ، کە چەند نووسەرێک دژی ئەم رۆمانە بووەستنەوە . ئێمە بەمنداڵی هەموو حەزمان بە چیرۆکەکانی ( رۆستەمی زاڵ و پیرەژن و کچە پاشاکە) دەکرد. حەزی منداڵی حەزێکی تایبەتە . حەزی (سیحر وئازایەتی و خۆدەرخستنە) . ئەو چیرۆکانەی باسی ( قارەمانی گەورەو کەسانی ئەفسووناوی و سیحرو شتی لەرادەبەدەر ) دەکەن ، لای هەموو منداڵێک خۆشەویستە.

## ئایا ئەم رۆمانە هەوڵێکە بۆ بوژانەوەی ئەدەب یان بۆ لەناوبردنی ؟!

هەروەک لەپێشتردا باسم کرد زۆر لە نووسەرەکان بەتایبەت ( رووس و رۆژهەلآتیەکان ) پێیان وایە ،کە ئەم رۆمانە هەوڵێکە بۆ دەبەنگکردنی خەڵکی و هەوڵێکی بۆ لەناوبردنی ئەدەبی زیندوو. لێ من پێم وانییە بۆچی ؟! لەوەتی لەئەوروپا دەژیم هیچ کات نەمدیووە رۆمانێک یان کتێبێک بەو شێوەیە خەڵکی بیکرێت و بیخوێنێتەوە . بەراستی سینەما و گۆرانی خەریک بوو ، ئەدەب ( بە شیعر و رۆمان و چیرۆکەوە) لەناوببات . هەر کتێب خوێنەوە خەریک بوو باوی نەمێنێت .بۆ نموونە من خۆم بۆ یەکەم جاربینیم کەوا (برزاو خوشکەزاکانم )کتێبێک بخوێنەوە . ئێستا سەیر دەکەیت هەموو منداڵێک ، گەنجێک ، ژنێک ، پیاوێک، خەریکی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەیە . هەربۆیە من پێم وایە ئەم رۆمانە جارێکی تر کتێب خوێنەوە لای خەڵکی خۆشەویست دەکات بەتایبەت لای ( لاوانمان ) . چونکە هەروەک ووتم ئەمرۆ سینەما و کۆمپیووتەر و گۆرانی ، وای کردووە کە خەڵکێکی کەم نەبێت ، کەس کتێب نەخوێنێتەوە .

## ئێمەو ئە دەبی منداڵان

جێگای داخە کە ئێمەی کورد لەبواری ئەدەبی منداڵان دا زۆر هەژار و دواکەوتووین . چەند هەوڵێکی کەم نەبێت یان چەند دانە کتێبێک نەبێت ، هیچ بەرهەمێکی وامان نییە کە منداڵەکانمان فێری خوێندنەوە و ئاشنای جیهانی ئەدەبیان بکەین . هەر ئەو دواکەوتوویەشمانە وای کردووە ، لەسیحری ئەم رۆمانە مەزنە تێنەگەین . هیوادارم کە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەوڵێکی جددی بۆ ئە دەبی منداڵان بددەن .

ئەڵمانیا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرچاوەکان :


1. Joane K. Rowlimg bleibts sparsam.www. Moz.de
2. هەمان سەرچاوە
3. Harry Potter in USA, erfolgreichstes Buch 2005,www.R.P .Online.de
4. هەمان سەرچاوە
5. صفات امين سلامة، الخيال العلمي و ادب الاطفال. هاري پۆتر دلالات و معاني،الشرق الاوسط 26 .سيپتمبر،2005 عدد 9799
6. Simone Leinkauf, Harry Potter und CO,www.frankfurte Rundschau.de.
7. Luna Love Good, Tausende stehen für Rolle in Harry Potter Film,www FrankfurteRundschau.de
8. صفات امين سلامة، الخيال العلمي و ادب الاطفال. هاري پۆتر دلالات و معاني،الشرق الاوسط 26 .سيپتمبر،2005 عدد 9799


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com